لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی

- ناوی کتێب: ژوولیا و دەستنووسەکەی مەولانا
- بابەت: چیرۆک
- نووسینی: توانا ئەمین
- تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
- نرخ: (٨٠٠٠) دینار
- چاپ: (٢٠١٦)
- ڕێنووس و هەڵەچن: تاریق هێدی
- تابلۆی بەرگ: نیگاری هونەرمەندی تونسی (عەبدوڵا عەکار)

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (٥٦٧)ی ساڵی ٢٠١٦ پێ دراوە.

ناونیشانی ماڵی وەفایی، هەولێر، فلکەی زراعە

https://www.facebook.com/mali.wafai

٠٧٥٠٤٨٢٦٦٤٧

بەوەی، کە پێویستە هەموو ئەمانە بکەم بە ئەدەب و ئیتر چیرۆکێک دێتە دونیایەوە. بە مانایەکی تر لەپڕ بیری دەکەوێتەوە کە چیرۆکنووسە. لە چیرۆکی توانادا هەمیشە خاڵی وجودییانە، پرسیاری زۆر گەورەی ئینسانی خۆی تێدا حەشار داوە، هەر لەبەر ئەمەشە ژیانی تایبەتی خۆی و برینەکانی لەگەڵ تێکستەکانیدا ئاوێتەبوونێکی زۆر جوانی هارمۆنین. کە هەموو ئەمانە لە زمانێکی باڵای چیرۆکئامیزانە و گێڕانەوەئامێزانەدا خۆیان بەرجەستە کردوە، بەبێ ئەوەی خۆی لە درێژکردنەوەی ڕستەکاندا نوقم بکات... من لەو بڕوایەدام؛ خوێنەری توانا دەبێ خوێنەرێکی تایبەت بێت، ناتوانێت مێگەلی بێت و دوای ئەدەبێک بکەوێت کە هەموان بە دەستەجەمعی پێی سەرسامن. خوێنەری ئەم کورە؛ خوێنەرێکە دوای جەماوەر ناکەوێت، دوای چێژی گشتی ناکەوێت، بە مانایەکی تر خوێنەرێکە زۆر ئیندڤیدوال و تەنیا و خودی. خوێنەرێکە خودێکی ڕاماوە لە دونیا، سەرسامە بە دونیا، بە ئازارچەشتنی خۆی... توانا هەمیشە لە بیرکردنەوە ڕادەکات... هەمیشە بەرەو ئەوە دەمانبات، کە لە دونیا ڕابمێنین، لە ئازار تێ بگەین، بۆیە لەو ساتانەدا کە چیرۆکی ئەو دەخوێنینەوە، هەست دەکەین شتەکان لە شوێنی خۆیاندا نین.

## سفری دەرچوون

((بەناوی خوای گەورە و مەزن

من کە بەندەیەکی بچووک و بێ نرخ ئەولیا ناوم و قەزدی سەفەر و گەڕانی دنیام هەیە، بەیارمەت خوا یەکەم ڕۆژی مانگی جیمادی یەکەمی سالّی ١٠٦٥ شاری ئۆسکۆدارم بەجێهێشت و بەدوای مەلیک احمەد پاشادا، ڕووم کردە ئەلایەتی وان. ئەمەش بەسەرهاتی ئەو گەشتەیە:))

٣٥٤ سالّ لەمەوبەر، ئەولیا چەلەبی لەم بەرگەی (سیاحەتنامە)کەیدا، کە ئێستا وا لە بەردەستاندا و وەک دیارییەک لە دوژمنی خوداوە گەیشتووەتە من، لە فەسلّی (اشباح في مرآة)دا باسی حەکیمێکی سەیر دەکات، کە شەوێکی سارد و تاریک لە ناوچەیەکی کوێستانی، لە دامێنی زنجیرە چیایەکی زنار و گردەلّە، لە باکوری خۆرئاوای (ورمێ)، لە ڕەشەبایەکدا چاوی پێی کەوتوە. حەکیمەکە لەگەلّ کاروانێکدا بووە، کە یاقووت و یەتیمی لاچینیان بە سەفەرێکی تولانی و تاقەتپڕوکێندا لە (سەرنەدیبە)وە بردووە بۆ (بولغارستان). ئەولیا لە وەسفی ئەو حەکیمە غەریبەدا دەلّێ: ((لەپێشچاوم هەم ئاشنا بوو، هەم ئەغیار، مووکالّێکی میانەسالّی نەحیف بوو، هەموو عەردی خوای تەقاوتەق دابوو.

دەکات. لە نیگای دڕی ئەودا؛ من بووم بە شتێک، شتێک کە ناتوانم ئێستا بیگێڕمەوە، بەڵام دەزانم کە دەتوانم لە کاتێکی تردا بە درێژیی پێت بڵێم ئەو جۆرە لێ ڕوانینانە کوناودەرانە چین.

ئەو تەماشایانەی کە شتێک لە سۆز یان بەزەیی یان مەکریان تێدایە... لە بەرانبەریدا دادەنیشم و جانتاکەم دەخەمە کۆشم. شەمەندەفەر لە بەدبەختی من؛ درەنگتر لە کاتی خۆی؛ دەبزوێت. من ئەمە ناو دەنێم: (کاتی زیادە)، کاتێک کە تێیدا خودا یاری لەگەڵ بەندەکانیدا دەکات... شەرم دەکەم، لە خۆوە و لە دڵەوە دەبم بە قەترەیەک ئاو... خۆم وا نیشان دەدەم کە زۆر ئاساییم، بەر لە خۆم؛ هاوکوپاکەم دەزانێت کە درۆ دەکەم.

**٢:٣٧**

لەوە دەچێت ئەم کوڕە، ڕۆژهەڵاتییەکی قاچاخ بێت! ساتێک دواتر کارمەندێکی ڕووسی پیر جامخانەی کوپاکە دەترازێنێت، چێکی بلیت و پاسپۆرتەکان دەکات، کە بەڵگەنامەکانی ئەو دەخوێنێتەوە، لێی دەپرسێت:

"Ist das ihre erste Reise? (یەکەم جارتە سەفەر بکەیت؟)"

"Sprechen Sie Deutsch! (دەتوانی بە ئەڵمانی قسە بکەی؟)"

هەمیشە سواربوونی پاس بۆ من چێژێکی تایبەتی هەیە. لە پاسدا زۆر نزیکیت لەوانی تر، نزیکێکی دوور. من ئاواتمە ڕۆژێکی باران لە پاسێکدا دابنیشم و لە پەنجەرە لێڵ و ڕێڕێکەیەوە تەماشای وێنەی دەرەوە بکەم. هیچ کاتێک بۆ من وێنەی دونیا لەنێو پاس و لە دەرەوەی پاس؛ یەک وێنە نەبوون. ئێستاش کە لەو قاوەخانە ئیتاڵییەوە بە ڕاکردن بەژێر بارانەکەدا خۆم گەیاندە ئەم پاسە؛ هەر بیرم لەمە دەکردەوە.

لێرە سێ ڕۆژە لەسەر یەک باران دەبارێ و هەڵی نەپرینگاندۆتەوە. پاش بڕێ دوودڵی، لە کورسییەکی بەشی دواوە دادەنیشم و سەرم دەنێم بە پەنجەرەی پاسەکەوە کە بە هالاوی گەرمی هەناسەی سەرنشینەکان هەڵمی کردوە. ئەوەتا وێنەی دەرەوە، وەک ئەوەی لە خەونێکی دووردابم؛ وەک گەردانەی تەمێکی فێنک دەبینم. تەنها یەک دوو شوێنی بەتاڵ ماون و وا پاسەکە بە هێواشی دەکەوێتە ڕێ.

لە ڕادیۆکەیەوە مۆسیقایەکی جازی شەستەکان پەخشدەبێ، من لە جێگەکەی خۆمەوە دەنگی کزی بە ئاستەم دەژنەفم. لەوانەیە هەوای بارانەکە سەرمەستی کردبێتم؛ ئەوەتا بیر لە نامەی ناو ئەو قورئانە کۆنە دەکەمەوە، کە ڕەنگە سەرتاپای ژیانم بگۆڕێت. نامەیەک کە ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش پیاوێکی پیر، شێخێکی تەریقەت بۆ خەلیفەیەکی خۆشەویستی خۆی لە خاکی میزۆپۆتامیای ناردوە.

## دەستپێکی نامەکە

بیئیسمهی سوبحانە

برادەری عەزیز، شێخ عەبدوڵای هەڕات

لە ئوومرتان سوئال دەکەم و لە خوای تەعالا ساغی و سڵامەتیتانم تەڵەبە. ڕیسالەکەتان گەیشت پێم، لە جەوابی سوئالەکانتا لە ئیبتیداوە مەقسەدی خۆم لە خزمەتتاندا عەرز دەکەم. ئەم دەردەی کە دەفەرمووی بەئیسمی (عیشق) توشی سۆفییەکتان بوە، بێ دەوا نییە، لاکین لەوەدا کە جەنابتان بە حیلەی شەیتانی لەعینی دەزانن، لە ئەساسەوە بە سەهودا ڕۆشتوونە و لە گەورەیی خالیقی خۆتان بێ خەبەرن.

بەنـدەی خـادیم وا شـک دەبەم؛ کە خـوای جەلەجەلالەهـو، هەر وەک چـۆن خـاوەن ڕەحـمە، بە عەینـی میسـل؛ سـاحێب مەکریشـە. حاشـا وەلـیلا کە ئەمە ئەوهـامی عەبـدێکی ڕوسـیاهی میسـلی مـن نییە و در مەوزوع زاتـی جەلالەتیـان لە کیتابی خۆیا؛ ئیشارەی بەم سیفەتەی خۆی کردووە.

www.fb.com/PDFkurd

**ڕووداوێکی ڕاستەقینە و سەرنجێکی پێویست:**

مـن لە ژیانمـدا هەمیشـە وا بیـرم کـردۆتەوە، کە شـتەکانی نێـو ئەم دونیـایە و لەنێویشـیاندا ئـێمە ڕێکەوتێکـی کـوێر نـین. لە کۆتـایی سـاڵی پێشـوودا، مـن نووسـەری ئەم دێـڕانە، بە دۆزینـەوەی نـامەیەکی دێـرین، لە کێشـەیەکی سـۆزداریی لەگەڵ کچێکـی هـاوپۆلی خـۆم بەنـاوی (ژولیـا)، کە هێجگـار قـورس لەسـەرم تەواو بـوو، ڕزگـاربووم. بەوەدا کە ژیـانی تـایبەتیی خـۆم و کەسـێکی تـرە، نـامەوێ لێـرەدا هیچـی زیـاتر لەو بـارەیەوە بڵـێم، تەنهـا ئەوەنـدە نەبـێ، کە مـن دوای ئەو ڕووداوە، شـێلگیرتر لە جـاران لە مـرۆڤ نائومێـد بـووم و قووڵتریش بیرم لە خۆشەویستی کردەوە.

بەڕێـزان... ئێسـتا و دوای خوێنـدنەوەی ئەم نووسـراوە؛ هەر کەس و لایەنێـک لە ئەکادیمیـای کـوردی، لە بـنکەی ژیـن،

لەئەرشیفی نەتەوەیی، لە هەر جێگایەکی تری خەمخۆری مێژوو و شوێنەواری میلەتەکەمان لە خۆی ڕادەبینێت بۆ لێ توێژینەوە و ساخکردنەوەی؛ نوسخەی ئۆرگینالی ئەم دەستنووسەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی -کە وا لەم نووسراوەدا دەقەکەی هاتوە_ با بفەرموێت لە ڕێگای نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شانشینی سوید؛ داوایەک پێشکەش بکات، تا بەندە بە هاوکاریی زانکۆی ئۆپسالا و لەژێر ڕۆشنایی بەندی ٣ لە مادەی ١٨٧ی یاسای نێودەوڵەتی پاراستنی فەرهەنگیی _کە مافی گەڕانەوەی شوێنەوارەکان بە میلەتانی خاوەنیان ڕەوا دەبینێت_ بتوانین دەقی ئەم دەستنووسەی مەولانا بگێڕینەوە بۆ کوردستان.

**دونیا لە داخیلی بەشەردایە**

لە واقیعا جیهان لە خاریجی بەشەر نییە، عالەم وا لە داخیلی بونیام خۆیدا... کرۆکی ئینسان بێشەیە... بەحرەیکی عەمیقە، بێ قەزابی... کە یومێ وا فیکر دەکات ساعیدە... لە حەقەتدا سوعاد نییە... هەر دوو موستەڵەح دوو شەیئی مائیلن لە بەدەنی بەشەر خۆیدا... ئەوەی ئەم

عەبدە دڵخۆش وەیا بێ تاقەت دەکا؛ سیمیایە، ئێکسیرێکە لە زاتی نەفسیا. ڕۆژێ کە حیس دەکا باشە، باش نییە، ئێکسیری عالییە وە دەر موزاد کە حاڵی بەدە، شلەیەکی تر لە جیسمیا قەلیلە. لای پیاوی عاقڵ سابیتە؛ کە دونیا لە خاریجی بەشەردا نییە و لە داخیلی دایە، ئەوجا لەو بارە؛ خانەی بەقای عەشق دەبێ هەر داخیل بێ.

**یەکەمجار کە دەستنووسەکەم بینی**

ڕۆژی یەکی نۆڤێمبەر، کە ڕێکەوتی ڕۆژی لە دایکبوونیشمە، بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەیەک بۆ وانەی ئارکیۆلۆژیا لە (بەشی کولتوور و مێژوو لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان_ Historia och Kultur avdelning inom humaniora-College) لە زانکۆی ئۆپسالا_ Uppsala universitet چووم بۆ (مۆزەخانە و نمایشگای هەمیشەیی کتێب و دەستنووسە کۆنەکان) لە ناوچەی (سوندی باری) لە باکوری ڕۆژئاوای شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوید.

**بەشەر عەجەلەیەتی**

بـرام، شـێخ عەبـدوڵای هەڕات... سـۆفییەکە نـاحەقی دەکـا کە پەلەیەتـی، بونیـام دەبـێ کـامیلەن یەقینـی بە ئیمـانی خـۆی بـێ؛ ئەوجـا لە ڕووی هەڵبـی تەڵەبـی شـت لە خـودا بکـا. ئەم ئینسـانە کە تەڵەبـێ لە خـودا ئەکـا، وا ئەزانـێ تەعـالا دەسـتبەرداری ئەم فەلەکە کـۆنە دەبـێ و گـورج دێ بەدەم ئەمەوە!

ئەوە غەدرە لە تەعریفـی تەعالایـا، جەلەجەلالەهـو ئەبەدەن عەبـدی خـۆی بـێ جەواب ناکـا، لاکـین بونیـام بە فیتـرەت عەجـولە، ئینسـان دایـم پەلەیەتـی، چـونکی لە فیکـری چـووە؛ کە زەمەنی ئادەم و زەمەنی ڕەبولعالەمین یەکێک نین.

خـوا هەمیشـە جـوابی خـۆی بـۆ بەنـدە هەیە، ئەممـا بە زەمەنـی خـۆی نەک بە زەمەنـی بەشـەر. مـاجەرای ئەم حەیـاتە قەسـیرە تەسـبیتی کـردووە؛ کە سـاعات لای تەعـالا خـاوە... ئەممـا لە فیکـرت بـێ؛ خـوا کەس بـێ جەواب ناکـات، ئەوجـا ئەوەی کە جەوابـی ئـاخیری خـوا بە نەفعـی بەنـدە دەبـێ یـان نـا، ئەوە لە عیلمی ناقیس و ناچیزی ئینساندا نییە.

### ڕێکەوتێکی سەیر

بەوەدا کە شتەکانی ئەم مۆزەیە دانسقە و تایبەتین؛ بردنە ژوورەوەی ژانتا و کتێب و موبایل و هەرشتێکی تری لەو چەشنە قەدەغەیە. کارمەندی پرسگەکە کچێکی پێست ئاڵی، موو کاڵی ئێسک سووک بوو، لەو کچانە بوو کە دڵنیا دەبیت؛ خودا هەر یەکدوو دانەی ئاوها ناسکی وەک نموونەی بەهەشت ناردۆتە سەر زەوی. کە ناسنامەکەی پشکنیم بزەیەکی کرد و نیگایەکی وەهای تێگرتم، کە من هەستم کرد شتێک لەهەناومدا درزی برد. ئەمڕا بە گەرمی پیرۆزبایی ڕۆژی لەدایکبوونی لێ کردم، ئەوە هەلی دامێ کە پرسیاری شتومەکم لی نەکات و من موبایلە ئایفۆنەکەم کە لە جۆری (S٤)ـە، لەگەڵ خۆمدا ببەمە ژووری دەستنووسە تایبەتەکان.

### عەشق مەقسەد نییە

بەندە میسلی یەتیمی تەنیا، خزمەتکاری ئەم ڕێگایەم، خوای تەعالا لەسەری فەرزکردوم بە عیلمی ناچیزی خۆم

موشارەکەی ئەشکالی حەبیبانی ئەم تەریقەتە بکەم، وەبعد دەبێ پێتان بڵێم کە عەشق موسەلەسێ نییە لە مابەینی ڕانی ئینسانا... نەخەیر... موسەلەسێکە لە لای چەپی سینگی مەعشوقدا! وا خەیاڵ نەکەن عەشق مەسیر بێ... عەشق خۆی تولّی ڕێگاکەیە. ئەوسا عەشق تا لە نەفسی بەشەرا پەنهانە، نە کوفرە نە ئیمان، ئیزهاری ئەمە ساحێبی خۆی بە موئمین یا خوا پەنامان بات بە کافر دەکا. ئاخر هەر شەیئێ کە لە دەروونایە لەتیفە، تەعالا پرسوجوی لەسەر شتی لەتیف دانەناوە... وەک تەیرێک وایە لە سەمایا، تۆ تا نەیگریت حیسابی لەسەر نییە، کڕین و فرۆشی پێوە ناکرێ، چوون لە بەیعا تەسلیم شەرتە... شتێک کە لە قەلبدایە تەسلیم نابێ، تۆ چ تەسلیم دەکەی؟! کە وایە عەزێتی سۆفییەکە مەکەن؛ عەشق تا لە دەرونا پەنهانە؛ ئازادە و حوکمی لەسەر نییە.

www.fb.com/PDFkurd

**نەخشەڕێگای هاتنی دەستنووس و قورئانەکە**

سێ ساڵ بەر لە ئێستا ڕۆژنامەنووسی سویدی (نیکۆلاس سڤێنسۆن_Svensson Nicolas) بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی جەنگ؛ وەک پەیامنێری کەناڵی چواری سویدی

دەچێتە سووریا. دوای ئازادکردنی شاری حەلەب لەلایەن چەکدارە ئازادیخوازە کوردەکانەوە، سڤێنسۆن بۆ نیشاندانی ڕاستەوخۆی ڕاپۆرتێک بۆ کەناڵی ناوبراو دەچێتە سەر داروپەردوی مزگەوتی بە تێنتی خاپورکراوی (ئەمەوی).

پاش تەواوبوونی ڕاپۆرتەکە و لە گەڕانێکی کورتی نیکۆلاس بە حەساری وێرانکراوی مزگەوتەکەدا؛ قورئانێکی کۆن لە پارچەیەک قوماشی سەوزی تەپوتۆزاویی دڕاودا دەدۆزێتەوە، وەک هەر ڕووپامایییەک کە لە دۆخێکی ئاوهادا مرۆڤ دەگرێت؛ دەنگێکی نادیار لە ناخی نیکۆلاسەوە لەبری تکا؛ فەرمان بەو کوڕە چاوکاڵە سویدییە دەکات؛ ئەو شتەی دۆزیویەتییەوە بیپارێزێت.

پاش ئاڵۆزتربوونی دۆخی ناوخۆی سووریا بۆ ئاستێکی ترسناک و خوێناویتر، کەناڵی ٤ی سویدی داوا لە پەیامنێر و کامێرامانەکەی دەکات بەزوویی خاکی سووریا جێبهێڵن. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا و لەڕێگەی فڕۆکەخانەی بەیروتەوە دوو ڕۆژنامەنووسە سویدییەکە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان و نیکۆلاس لەگەڵ خۆیدا قورئانەکە دەباتەوە بۆ ستۆکهۆڵم. قورئانێک؛ کە لەناویدا ئەم پارچە دەستنووسە هەیە.

لەو ناساندنە سەرپێی و زانیارییە کورتەی بە هەردوو زمانی سویدی و ئینگلیزی لە تەنیشت قورئانەکەوە؛ بۆ میوانەکانی

ئەم مۆزەخـــانەیە نووســـراوە، هـــاتوە: کە دوای ســـاغکردنەوە، زانکـــۆی ســـتۆکهۆڵم ئەم کتێـــبە وەک دەستنووســـێکی دێرینـــی قورئـــان دەناســـێنێت و پێشکەشـــی دەکـــات بە (مۆزەخـــانە و نمایشگای هەمیشەیی کتێب و دەستنووسە کۆنەکان).

**نیاز لە عەشقدا**

بونیـــام لە عەشـــقدا بـــێ نیـــازە، نیازێـــک ئەگەر هەبـــێ هەر ئەوەیە؛ کە مەعشـــوق لە وجـــودا بـــێ، ئیتـــر خەیـــاڵی وەســـڵ نییە، وەسڵ ختـــورەی شـــەیتانە و هیجـــران وەزیـــفەی عاشـــقە... مەعشـــوق لە عەشـــقا لازمە بـــۆ ئەوەنـــا پێـــی بـــگەی، بـــۆ ئەوەی پێـــی نەگەی... مەعشـــوق وەقتـــێ واریـــدە کە مـــونکیری وجـــودی خـــۆی بێـــت، کە بڵـــێ: مـــن نـــیم... کە بڵـــێ: ئەو فەقیـــرە بـــۆ کـــێ وای لـــێ هـــاتووە؟! کە خـــۆی نەبـــان کـــات... ســـۆفی ئەم مەجـــازەی دەوێ تـــا وەک ڕەهنمـــا و ڕابەرێ پیایـــا بگـــات بە حەقـــیقەت... بـــۆیە لازمە ڕوخســـاری جەمـــاڵی ژنـــێ، بونیـــام بگەیێنێت بە سوڕەتی پاکی خوا.

مـــن لە مـــوعەلیمی خـــۆم، لە قوتـــب زەمـــان، لە حەزرەتـــی شـــا عەبـــدوڵای دیهـــلەوی بیســـتوومە کە فەرمـــوویە: عەشـــق مەزهەری فویـــوزاتی ئیلاهـــی و مەنـــاری ئەنـــواری خـــوایە، جـــازیبەی ڕۆحـــی ئەم شـــتە؛ وا لە مەقامێکـــا کە چـــون میغنـــاتیس ئاســـن جەزب دەکا، ئەویش قەلبی ئینسان بۆی خۆی کێش دەکا.

برای ئەمڕۆ و قیامەتم شێخ عەبدوڵا..

عەشـق قـوەی بلاحـدودی بەشـەرە لە داخلـی خۆیـا، کە سـەرگردان دەبـێ، کە خـوای خـۆی ناناسـێ؛ ئەکەوێـتە سـەهووەوە، ئەچـێ دەیـدا بە ژنـێ... بە پیاوێـک... لاکـین ئەوەی لەو عـیلاقە غەڵەتەیـا حەقە؛ ئەوەیە کە ئەسـڵ عاشقە، ئەسڵ مەعشوق نییە و مەعشوق فەرقە... من عیلمم بەوە هەیە کە؛ مەردومـی بەدبەخـت ئەسیری حـوب و جەمـالە لە خۆیـا، بەڵام ئەوەی کە جەمـالە کەمـاڵ نیـیە، کەچـی ئەوەی کەماڵە جەمالیشە.

**ناساندنی قورئانەکە**

ئەم قورئـانە پێـوانەکەی (٤٠×٢٤سـم) و ئەسـتوورییەکەی (٩سم)ـە، هەر لاپەڕەیەکـی (١١) دێـڕی گەورەی بە خەتـی (کـوفی ئەندەلوسـی) و بە مەرەکەبـی ڕەش تێـدا نووسـراوە، سـەرجەمی قورئـانەکە (٧٢٦) لاپەڕەیە، بەرگـی پێشـەوەی لە پێسـتی ئاسـکە و بەرگـی دواوە و (١٠) لاپەڕەی کۆتـایی _کە ڕەنـگە لە ئەنجامی بەرکەوتنـی زەبـرەێکەوە بووبێـت_ لـێ دڕاو و خـراپ بـووە. بەپێـی نووسـینێک بە زمـانی عەرەبـی، کەسـێک بە نـاوی (خالـد) لەسـەر دیـوی نـاوەوەی بەرگـی پێشـەوە؛ بە

کوردی و عەرەبی خزمەتم بکات. ئەمڕا من برێ گەرمتر لە ڕۆتینی شت ویستن؛ بە فارسی قسە دەکەم و داوا دەکەم کە بزانێت ئایا کتێبێکمان هەیە بە ناوی (یادی مەردان)؟ ژمارەی بەرگ و ناوی دانەرەکەی پێ دەڵێم، داوام لێ دەکات برێ چاوەڕێ بکەم، دیارە کۆمپیوتەرەکەی بەردەمی دەپشکنێ...

من لەسەر خەت ماومەتەوە و خشە خشێکی خۆش لەم تێلەفۆنە نۆرمالانەدا هەن؛ خەریکن خەیاڵم لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ شەوێکی ناوەڕاستی پایزی ساڵی ١٢٣٦ هـ، ئەو شەوەی مەولانا خالید بۆ دواجار سلێمانی بەرەو شام بەجێ دێڵێت. ئەو شەوەش شنەیەکی فێنکی سەرەتای مانگی خەزەڵوەر؛ هەمان ئەم خشە خۆشە دەکات، کاتێ بەسەر گەڵای شاتووە گەورەکەی بەردەم مزگەوتی خانەقادا دەخزێ. دەنگی کارەمەندەکە لەو خەیاڵەم هەڵەگۆزێ و مژدەم دەداتێ کە کتێبەکەیان هەیە.

دوو ڕۆژ دواتر لە پۆستێکی پێچراوەدا کتێبەکەم پێدەگات، لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (یادی مەردان، بەرگی یەکەم، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس داینـاوە، چاپی ١٩٧٨). بەخێرایی کتێبەکە دەکەمەوە؛ لە لاپەڕە ٣٣دا مەلا عەبدولکەریم لە زمانی میسیۆ (کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ)ـەوە،

نووسـیویەتی: "لە سـبەینێی ڕۆژی ١٧ مـوحەڕەمی ١٢٣٦هـ کە بەرانـبەرە بە ٢٠ی ئۆکتـۆبەری ١٨٢٠ز مەولانـا بـۆ دواجـار سلێمانی بەرەو شام جێ دێڵێ".

www.fb.com/PDFkurd

**مەعشوق عاشقی خۆی دەفەوتێنێ**

ئەعرازەکـانی وازیحـن؛ ئینسـان کە عاشـق دەبـێ زاری وشـک و ڕەنگـی سـپی هەڵـدەگەڕێ، دەی وایە؛ لەون لایەقـی حـاڵە، وە دەر نیهـایەت؛ مەعشـوق عاشـقی خـۆی دەفەوتێنـێ. ئەوەی کە مەنسـور گـوتی انـا الحـق، ڕاسـتی کـرد... ئەمە کـوفر نیـیە، حاشـا مەنسـور خـۆی لـێ نەبـوو بـوو بە خـودا، ئەو پیـاوی خـــودایە هەر نەمـــابوو، ئەوەی لەو بەدەنەدا قسـەی دەکـرد خـودا خـۆی بـوو، بـۆیە انـا الحـقی ئەو حەق بـوو، حەقـێ کە لازمـی سـەرداری کـرد... هەنـوز مەعشـوقی ڕاسـتەقینە هەر ئەوەیە؛ کە عاشـقەکەی خـۆی لازم بە سـەردار دەکـا، تـۆ ئەمە بە سـۆفییەکانی خانەقـا مەڵـێ، ئەممـا ئەمە بەتـولی تەئـریخ نەتیجەی حوبی حەق بووە!

## وێنەگرتن بە دزییەوە

تەماشـــای چـــواردەورم دەکەم؛ جـــگە لەیەک دوو گەشـــتیاری ئیســـپانی بەتەمەن، کەســـی تـــر لە دەوروبەری مـــن نیـــیە. ئەگەرچـی سـوور دەزانـم هـۆڵی مۆزەخـانەکە لەژێـر چـاودێریی تونـدی کـامێرادایە، بەڵام ئـازایەتییەک کە بەخـۆم نـامۆیە؛ وام لـێ دەکـات موبـایلەکەم لە گیرفـانم دەربهێـنم و خێـرا یەک دوو وێـــنەی نـــامەکە و قورئـــانەکەیش بگـــرم... موبـــایلەکە بەدەستمەوەیە؛ لەجیـاتی بەشـی کـامێرا بـکەمەوە بە هەڵەیەک کە هەمیشـە مـرۆڤ لەپەلەپەلـی ئاوهـادا دەیکـات؛ دەسـتم بەر بەشـی ئەلبـوومی وێنەکـان دەکەوێـت و بەشـەکە بە وێنەیەکـی خـۆم و ژولیـا دەکـرێتەوە، وێـنەیەک؛ کە ژولیـا لە ئامێزمـدا چاوەکـانی داخسـتوون و مـن لێوم بە نیشـانەی مـاچکردن نـاوە بە نێـوچەوانی سـپی و بەفـرینییەوە. خێـرا ئەو بەشـە ڕەت دەکەمەوە و لە چاوتروکاندنێکـــدا زنجیـــرەیەک وێـــنەی یەک لەدوای یەکـی نـامە و قورئـانەکە دەگـرم، کە لەژێـر پـارچەیەک شوشـــەی هێجگـــار ڕوونـــدا لە گۆشـــەی ڕاســـتی هـــۆڵی ئەم مۆزەخانەیەدا دانراون.

## ئیشارەی چاو

جەوابــی بــێ کەلام حەوجەی بە ســوئالی بــێ کەلام هەیە... ئەمە نیقاشــێکە بە نیگاهــ دەکــرێ... عاشــقکان هەروا قســان دەکەن... قســە زەرەری دڵە... کەلام لە مســتوای قەلبــدا نــزم و نەویە... ئەهلــی دڵ بــێ کەلام دۆســت و خــواهن... نەســیحەتی ســۆفیەکەو بــکە: هەر ئەوەی تــۆ لە عاشــق هەڵــدێی؛ ئیــزن بــدە مەعشــوق لە تــۆ هەڵبــێ... بــاڵ وازکــا، هەوایەک بخوات...

ئــاخر تەعمــی تــاڵ لە زاری کەســێکدا وجــودی هەیە، کە قەبــلەن شــەکەری خــواردبێ، وەگەرنــا تــاڵ و شــیرین بــێ یەک نــین. بونیــام شــتەکان بە عەکســی خۆیــدا دەناســێتەوە، وەلەو مەعشــوق عەکســی عاشــق نیــیە، مەعشــوق هەر عاشــق خــۆیەتی، بەڵام لە شــکڵێکی تــردا... ســووتان و بــرژان ســیفاتی عەشــقن ئەممــا زاتــی عەشــق ئەمە نیــیە... ئەو ئەگەر لەمە حــاڵی ببــێ، لەوەش دەگــات کە ســیفات زیــادە لە زات و عەینی زات نییە!

**نامەی ناو قورئانەکە**

لەنێـــو ئەم قورئـــانەدا نـــامەیەکی دەســـتنووس بە خەتـــی شکستەی فارسـی هەیە، کە بە هـۆیەکی نادیـار نەبـۆتە جێـی سـەرنجی زانکـۆی سـتۆکهۆڵم لە توێژینەوەکەیـان لەسـەر ئەم قورئـانە. لەو لێکـۆڵینەوانەدا کە بە تیشـکی ئـێکس بـۆ پـارچە کـاغەزەکە و قورئـانەکە کـراون؛ دەریانخسـتووە کە مرەکەبـی سـەر نـامەکە لەچـاو مرەکەبـی قورئـانەکەدا زۆر نـوێیە، بەمەش وایـان دانـاوە، کە تەنیـا پارچەکـاغەزێکی بـاری سـەرنجی خوێنەرێـک بێـت و بە ڕێکەوتێکـی فەرامۆشـکراو لەنێـو ئەم قورئـانەدا جێمابێـت. ئەوەی مۆزەخـانەکەش کردویەتـی؛ تەنیـا نمایشـکردنی نـامەکەیە لەتەنیشـت قورئـانەکەدا لەگەڵ ئەو زانیاریانەی سەرەوە.

بەڵام ئەوەی ئێسـتا لەبەر دەسـتی ئێـوەدایە، دەقـی ئەو پـارچە کـاغەزەیە کە مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی سێ شـەو بەر لە مردنـی بە نەخۆشـی تـاعوون؛ لە حەلەبەوە بـۆ شـێخ عەبـدوڵای هەڕاتـی دەنووسـێت کە جێگـری خـۆی بـووە لە خانەقـای سـلێمانی. وا دەردەکەوێـت ئەم نـامەیە لە وەڵامـی نـامەیەکی شـێخی هەڕاتـدا بێـت کە تێیـدا لەبـارەی عەشـقەوە پرسـیاری لە مەولانـا کـردووە، هەرچۆنێـک بێـت نـامەکەی شێخ عەبـدوڵای هەڕات لەبەردەسـتدا نیـیە و ئەوەی سـەبارەت بە

نامەی یەکەمی شێخی هەڕات هەیە؛ سەلمێنراو نییە و تەنیا بۆچوونە.

دەبێ بڵێم من نووسەری ئەم دێڕانە، لەبەر وێنەی ناو موبایلەکەمدا؛ نامەکەم بەشێوەی ئەمانەتێکی مێژوویی گەورە؛ کتومت وەک خۆی نووسیوەتەوە و بۆ تێگەیشتن و کارئاسانیی خوێنەر؛ تەنها نووسینەکەم هێناوەتە سەر ڕێنووسی نوێ.

## من ئەمە دەڵێم و تۆش هەر ئەمە بڵێ

ئەسڵ ئەمەیە... منیش هەر ئەمە دەڵێم و تۆش هەر ئەمە بڵێ... قسەی ئێمە لە حەقەوە دێت، ڕۆح بە حەق ئاشنایە، بۆیە غەریب نییە؛ دوای قیرائەتی ئەم ڕیسالەیە ئارامی و سەعادەت باڵ بەسەر ڕۆحتا بکێشێت... دۆستەکان لە نەزەرا چەند بەعیدیش بن، لە باتیندا جەیران و نزیکن... عەشق غەرەزێکە ئەم نزیکییە دەکوژێ، دەبێتە حیجاب لە نێوان خۆت و خوای خۆتدا... من زیاتر لەسەری نارۆم، ئارایشی کەلام، مەقسەدی کەلام لە خۆیا ون دەکا.

خـــادم ديـــــن الله و الـــرســــول

**خالد نقشبندى**

شەوی دوو شەممە، ٩ی زی القعدە ١٢٤٢ هـ

حەلەب، مزگەوتی ئەمەوی

## ژولیا لە قاوەخانەکەیە

نـــامەکە دادەدەخەم و دەچـــم لە قاوەخـــانە ئیتـــاڵییەکەی ئەویەرەوە قـــاوەیەکی خەســت بەبێ شـــیر دەخـــۆمەوە، کە ژولیـــا دەبیـــنم لە ســـوچێکی تـــری قاوەخـــانەکەدا بەخۆیـــدا ڕۆچـــوە. ئەوەتـــا ئەویـــش ســـەری بەســـەر وێـــنەی نـــامەیەکی دێـــرین و زەرددا شـــۆڕکردۆتەوە و ڕەنـــگە بیـــر لەوە بکـــاتەوە؛ کە گەوهەری نـــاو ئەم نـــامە کۆنینـــانە هێنـــدە تاقـــانەن؛ دەبێ بە ئاوی زێڕ سەرلەنوێ بیاننووسینەوە...

مـن هەڵدەسـتم، پـارەی قـاوەکە دەخەمە ژێـر کـوپە خـاڵییەکەم و لە وێسـتگەی بەردەم قاوەخـانەکەدا، بەژێـر بـارانێکی خۆشـدا کە تـــازە دایکـــردووە؛ خـــۆم دەگەیەنـــمە پاســـی ژمـــارە ٤٢. پاسـێک کە مـن دەتـوانم سـەر بنـێم بە پەنـجەرەکەیەوە و لەو دیـــوییەوە دەزولەی خونـــاو ببیـــنم؛ کە بە هێواشـــی... زۆر هێواش بۆ خوارەوە دەخزێن.

٢٠١٥

هێواش هێواش بە پلیکانەکاندا سەردەکەوتم، قاچەکانم خێرا خێرا دادەنا و هێواش هێواش بەرزم دەکردنەوە؛ تەپ... تەپ... تەپ تەپ... تەپ... تـە پـ... تە... تـ... دەنگی پێکانم ڕیتمێکی نامۆ نەبوون بە من؛ خاو دەستم پێ دەکرد و خێرا دەبووم و خاو دەبوومەوە، بەڵام ئایا کۆڵم دەدا؟!

نا... نـا کۆڵم نەدەدا، سەرلەنوێ دەستم پێدەکردەوە. درەنگانی شەوێک، کە ئەم ڕاستییەی ژیانی خۆم بۆ ئەو کچەی مشتەرییەکان پێیان دەوت "تـوێخی دڵ دەبات" باس کرد، خۆی گرمۆڵە کردە ژێر بەتانییەکەی و چاوە ڕەشەکانی کە هێشتا بە مەستی سەرجێییەکی ئاگری من لێڵ بوون؛ بڕینییە ناو خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو برۆ ئەستوورەکەم و بە دەنگێک، کە من گومانم هەیە کە ئەگەر لێویشی نەجووڵاندابایە، ئەو دەنگە لە ژێکانی قورگییەوە بە ئاسانی دەگەیشتە من. وتی: "کە سەیریت! ئەگەر ژیانی تۆ پێناسە بکەم، سێکسێکی تەواویت".

## پێشەکییەکان

پێشەکی شێرزاد حەسەن........................ ٧
پێشەکی ئیسماعیل حەمەئەمین........................ ١٥
پێشەکی کاروان عومەر کاکەسوور........................ ٢٣

## چیرۆکەکان

ڕاپۆرتێک لە کوشتاندینا........................ ٣٣
کچی ناو تابلۆکە........................ ٤٩
خۆکوشتن لەسەر باڵی فلامینگۆ........................ ٦١
ڕۆکسالانا ئاناستاسیا لیسۆفسکا........................ ٧٩
هێڵی ئاسنی پۆلاند........................ ٩٧
دڵم نایەت ئەگینا دەمردم........................ ١١١
ژوولیا و دەستنووسەکەی مەولانا........................ ١٢١
مردوەوان........................ ١٤٣
سێدارەی زستان........................ ١٦٣
نارەوەنێک لەسەرڕووی ئاو........................ ١٧٥
گەڕان بەدوای دایکمدا........................ ١٨٧
کتێبفرۆشی........................ ١٩٥
بازنە........................ ٢١١
تکایە مەمرن........................ ٢١٩
گوڵی مریەم........................ ٢٢٧

